بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالضُّحَى ﴿1﴾

سوێند بە چێشتەنگاو کاتێ کە خۆر بەرزدەبێتەوەو دنیا گەرم دادێت و کاتی جوولە و چالاکییە).

وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى ﴿2﴾

وە بەشەو بە تاریکی دادەپۆشرێت.

مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى ﴿3﴾

پەروەردگاری تۆ دەست بەرداری تۆ نەبووەو وازی لەتۆ هێناوە (ماوەیەك وەحی نەهات بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کافرانی قورەیش وتیان، پەروەردگاری محمد وازی لێهێناوە، ئیتر خوای گەورە بەدرۆی خستنەوە).

وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَى ﴿4﴾

بێگومان قیامەت و دوارۆژ چاکترە بۆ تۆ لە دنیا.

وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى ﴿5﴾

لە ئایندەدا پەروەردگارت نازو نیعمەتی پێدەبەخشێت کە زۆر پێی ڕازیی و خۆشنود دەبیت.

أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى ﴿6﴾

مەگەر پەروەردگارت نەیبینیت بەهەتیویی و خێرا دەرووی لێ کردیتەوەو لانەی بۆ سازاندیت؟!

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى ﴿7﴾

ئەی سەرلێ شێواو نەبویت و نەتەزانی چی بکەیت، هیدایەتی دایت و ڕێنمونی کردیت؟!

وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى ﴿8﴾

ئەی نەیبینیت کە هەژارو نەداریت، پاشان ماڵ و سامانی پێ بەخشیت و دەوڵەمەندی کردیت؟!

فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴿9﴾

کەواتە تۆش (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەی ئیماندار) هەتیوان مەچەوسێنەرەووستەمیان لێ مەکەو ماڵ و سامانیان مەخۆ، وە لەسەر چاکەو چاکەکاریی لەگەڵیاندا بەردەوام بە.

وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿10﴾

هەرگیز هەڵمەشاخێ بە هەژارو داماوو سواڵکەراندا.

وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿11﴾

(بەڵکو) دەربارەی نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارت هەمیشە بدوێ و باسیان بکە (خەڵکی لێ بە ئاگا بکە).